السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# ڕۆژێکیان چوومە سەربانی ماڵی حەفسە، پێغەمبەرم بینی -صلى الله عليه وسلم- سەرئاوی دەکرد؛ ڕووی لە شام وپشتی لە کەعبە بوو

لە عبداللە کوڕی عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «ڕۆژێکیان چوومە سەربانی ماڵی حەفسە، پێغەمبەرم بینی -صلى الله عليه وسلم- سەرئاوی دەکرد؛ ڕووی لە شام وپشتی لە کەعبە بوو». ولە گێڕانەوەیەکدا: «ڕووی بەرەو ئاراستەی (بيت المقدس) بوو -لە شام-».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئیبن عومەر -ڕەزای خوایان لێبێت- باسی ئەوە دەکات: کە ڕۆژێکیان هات بۆ ماڵی حەفسەی خوشکی کە خێزانی پێغەمبەر بوو -صلى الله عليه وسلم-، وچووە سەربانی ماڵەکە، وپێغەمبەری بینی -صلى الله عليه وسلم- کە سەرئاو دەکات وڕووی لە شام وپشتی لە قیبلەیە. وئیبن عومەر -ڕەزای خوایان لێبێت- ئەمەی ووت وەکو وەڵامێک بۆ ئەوانەی کە دەیانووت نابێت ڕوو لە (بيت المقدس) بکرێت کە دەکەوێتە شامەوە لە حاڵەتی سەرئاوی کردن، ولە گێڕانەوەیەکی تردا: «ڕووی بەرەو ئاراستەی (بيت المقدس) بوو -لە شام-». بۆیە ئەگەر مرۆڤ لە کاتی سەرئاو کردندا ڕووی بەرەو ئاراستەی قیبلە بوو بە مەرجێک لە ناو خانوودا (لە پشت دیوارەوە) بێت ئەوا دروستە وئاساییە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3023

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee